
KOREK

لەبەرئەوەی دەیەوێ کۆتایی بە سەردەمی ئەو بێنێت و بەیل بیکاتە جێگرەوەی..

# سەرۆک دۆن رۆناڵدۆ تووڕە دەکات



رووداوی وەرزشی ـ CNBC

رۆژنامەی THE SUNی بەریتانی دزەی بە هەواڵێک کردووە، کە لەوانەیە کریستیانۆ رۆناڵدۆی ئەستێرەی یەکەمی یانەی ریال مەدریدی ئیسپانی لە سەرۆکەکەی تووڕە بکات. ئەگەر راستی هەواڵەکە لە رۆژانی داهاتوودا ئاشکرا ببێت، دەبێتە هۆکاری رۆیشتنی دۆن لە یانەی شاهانە.

رۆژنامەکە بە پشتبەستن بە راپۆرتێکی رۆژنامەی سپۆرتی ئیسپانی باس لەوە دەکات، فلۆرەنتینۆ پیریزی سەرۆکی ریال مەدرید، دەستی بە هەوڵە زوورەکانی کردووە، بۆ ئەوەی کۆتایی بە سەردەمی رۆناڵدۆ وەک پاشای ریال مەدرید بێنێت و پشتیوانی لە گاریس بەیلی ئەستێرەی وێڵزی بکات بۆ ئەوەی بیکاتە ئەستێرەی یەکەمی ریال مەدرید، تەنانەت ئامادەی بکات بۆ بردنەوەی خەڵاتی باڵۆن دۆر.

رۆژنامەکە لەو بارەوە نووسیویەتی «ئەگەر راستی ئەو هەواڵە ئاشکرا ببێت، ویستی پیریز دەردەکەوێ، کە دەیەوێ بەیل بۆ ئەستێرەی یەکەمی ریال مەدرید ئامادە بکات، نەوەک رۆناڵدۆی گۆڵکاری مێژوویی یانەکەو براوەی 3 خەڵاتی باڵۆن دۆر، بێگومان ئەمەش دۆن رۆناڵدۆ تووڕە دەکات، کە هێشتا خۆی پێ باشترین یاریزانی جیهانە، بۆ هەر یانەیەک یاری بکات بێجگە لە یاریزانی ژمارە یەک بەهیچ ئەرکێکی دیکە رازی نابێت».

ئەو رۆژنامەیە دەشڵێت «ئیدی پیریز لەوە تێگەیشتووە کە رۆناڵدۆ تەمەنی گەورە بووەو پێویستە جێگرەوەیەکی بۆ دابنێت».

WWW.RUDAW.NET

رووداو وەرزشی

ژمارە (400) سێشەممە 2016/5/17 27ی گوڵان - 2716 (500) دینار

رۆژنامەیەکی وەرزشی هەفتانەیە کۆمپانیای رووداو بەسپۆنسەری کۆمپانیای کورەک تیلیکۆم دەریدەکات

لیۆ دڵی لەلەی پێشمەرگە خۆشدەکات..

# LIONEL PESHMERGA



ماڵپەڕی 101 Great Goals.comی بەریتانی: پێشمەرگەیەک بە چەکی M16 و درێسی مێسی و ئاڵای بارسا شەڕی داعش دەکات

LOTTO

رۆژی دووشەممە 23/5/2016 تیروپشکی لۆتۆی 47 مین (رووداوی وەرزشی) لە RUDAW.TV ئەنجام دەدرێت

8

هەموو جیهان گۆڕا ئارسناڵ هەر نەیبردەوە 5

## پیرەژنەکەی ئیتاڵیا حەزی لە کوڕە کوردەکەیە

3

ڕووداو وەرزشی
ژمارە (400) سێشەممە 2016/5/17



## یاری لە هەڵەبجە

تیپی تۆپی پێی تۆڕی میدیایی ڕووداو، لە درێژەی یارییە دۆستانەکانیدا، ڕۆژی هەینی 2016/5/20 دەچێتە پارێزگای هەڵەبجەی شەهید، بۆ ئەنجامدانی یارییەکی دۆستانە لەگەڵ تیپی تۆپی پێی ڕاگەیاندنکارانی ئەو شارە. یاریزانانی تیپی تۆپی پێی ڕووداو، کە سەرجەمیان کارمەندی (تۆڕی میدیایی ڕووداو)ن، لە تەک کارە ڕۆژنامەوانییەکانیان، بەردەوام بۆ یاری دۆستانە سەردانی زۆر لە شارو شارۆچکەکانی کوردستان دەکەن، بە مەبەستی پتەوکردن و دروستکردنی زۆرترین پەیوەندی دۆستانە لەگەڵ ڕاگەیاندنکاران و وەرزشوانان و سەرجەم چین و توێژەکانی دیکەی کۆمەڵگای کوردستانی.

### بەپێی توێژینەوەیەکی زانستی، کە پشتی بە فۆرمی ڕاپرسی بەستووە..

# (ڕووداوی وەرزشی) یەکەمی بێ ڕکابەرە



**تایبەت بە ڕووداوی وەرزشی**

قوتابییەکی بەشی ڕاگەیاندنی کۆلێژی ئەدەبیات لە زانکۆی سەڵاحەدین، توێژینەوەیەکی زانستی بەپشت بەستن بە فۆرمی ڕاپرسی، لەسەر ڕۆڵی ڕۆژنامەکان لە گەیاندنی زانیاری ئەنجام دەدات و هەفتەنامەی (ڕووداوی وەرزشی) دەکاتە نموونە. مامۆستای سەرپەرشتیاریش دەڵێت «ڕووداوی وەرزشی شایەنی ئەوەیە نامەی ماستەری لەسەر بنووسرێت».

سامان وڵاتژێری، قوتابی قۆناخی چوارەمی بەشی ڕاگەیاندن لە کۆلێژی ئەدەبیاتی زانکۆی سەڵاحەدین، کە بێژەری وەرزشیی (تۆڕی میدیایی ڕووداو)یشە، توێژینەوەیەکی زانستی بە ناوی «ڕۆڵی ڕۆژنامە وەرزشییەکان لە گەیاندنی زانیاری بە خوێنەر - هەفتەنامەی ڕووداوی وەرزشی بە نموونە» ئەنجامداوە.

سامان وڵاتژێری، لەو بارەوە بە (ڕووداوی وەرزشی) گوت «لە توێژینەوەکەمدا پشتم بە فۆرمی ڕاپرسی بەستووەو دەرئەنجام دەرکەوت کە (ڕووداوی وەرزشی) لە پلەی یەکەم دێت لەنێو ڕۆژنامە و لاپەڕە وەرزشییەکان لە ڕووی متمانە و زۆری خوێنەرەوە».




ئازاد عەبدولعەزیز، مامۆستای یاریدەدەر لە بەشی ڕاگەیاندن لە کۆلێژی ئەدەبیاتی زانکۆی سەڵاحەدین، کە سەرپەرشتیاری توێژینەوەکەی دەکرد، پەسنی کارەکانی قوتابی توێژەر دەدات و دەڵێت «لە ئەنجامی ئەو توێژینەوەیەدا بۆم دەرکەوت کە (ڕووداوی وەرزشی) ڕۆژنامەیەکی زۆر باشەو شایەنی ئەوەیە نامەی ماستەری لەسەر بنووسرێت».

سامان وڵاتژێری، ئاماژەی بەوە کرد کە لە ڕێگەی دابەشکردنی 110 فۆرم بەسەر قوتابیانی کۆلێژی پەروەردەی وەرزشیی ئەم ئەنجامانەی دەستکەوتووە:

1 - هەفتەنامەی (ڕووداوی وەرزشی) کاریگەرییەکی باشی هەبووە لەسەر هاندەرە وەرزشییەکانی ناوخۆی هەرێمی کوردستان.

2 - گرنگیدان بە هەواڵی ناوخۆیی و بیانی لە یەککاتدا و هەبوونی زانیاری زۆر لە هەفتەنامەکەدا ڕۆڵێکی گرنگی هەبووە لە خوێندنەوەی هەفتەنامەی (ڕووداوی وەرزشی) لەلایەن ژمارەیەکی زۆری خوێنەرانەوە.

3 - بەشداربووانی ڕاپرسییەکە پێیانوایە ڕۆژنامە وەرزشییەکان لە کوردستان ڕۆڵی گەورەیان هەبووە لە دروستکردنی هاندەری وەرزشی.

4 - تا ئاستێکی کەم بەشداربووان پێیانوایە (ڕووداوی وەرزشی) بووەتە جێگرەوەی سەرچاوە عەرەبی و ئینگلیزییەکان لە گەیاندنی زانیاری وەرزشی.

5 - بەپێی ئەنجامەکانی ئەو توێژینەوەیە دەردەکەوێت کە هەفتەنامەی (ڕووداوی وەرزشی) لە پلەی یەکەم دێت لەنێو ڕۆژنامە و لاپەڕە وەرزشییەکان لە ڕووی متمانە و خوێنەرەوە.

6 - دەرکەوتووە کە هەفتەنامەی (ڕووداوی وەرزشی) تا ڕادەیەکی باش توانیویەتی پێداویستی خوێنەر تێر بکات.

7 - بە لەبەرچاوگرتنی ئەنجامەکانی ڕاپرسییەکە، بەشداربووان پێشنیاز دەکەن (ڕووداوی وەرزشی) بەشێوەیەکی باشتر گرنگی بە بواری تەندروستی وەرزشی بدات، هەروەها زیاتر کار بۆ دروستکردنی هاندەری وەرزشی بکات. خۆیشی بەدوور بگرێت لە لایەنگری تیپێک، یانەیەک یان یاریزانێکی دیاریکراو. کار لەسەر ئەوەش بکات هەفتەنامەکە بەشێوەیەکی بەرفراوانتر بگاتە هەموو شار و شارۆچکە و گوند و ناوچە دوورە دەستەکانی کوردستان.

### لەبەرئەوەی بانگهێشتی هەڵبژاردەی کوردستان نەکراوە..

# ئیڤان خۆی بە زوڵملێکراو دەزانێت

**کارزان کانەبی**
**تایبەت بە ڕووداوی وەرزشی**

ئیڤان خالید، یاریزانی یانەی هەولێری پاڵەوانی خولی نایابی یانەکانی کوردستان لە ڕێگەی (ڕووداوی وەرزشی)یەوە گلەیی لە دەستەی ڕاهێنەرانی هەڵبژاردەی کوردستان دەکات و دەڵێت «خۆم بە زوڵملێکراو دەزانم، یانەکەمان پاڵەوانە، کەچی ناوم لە لیستی هەڵبژاردەی کوردستان نییە».

هەموو ساڵێک لەگەڵ دیاریکردنی یاریزانانی هەڵبژاردەی کوردستان بۆ پاڵەوانیەتییەکان، کۆمەڵێک ڕەخنە لەلایەن یاریزانانەوە ئاراستەی دەستەی ڕاهێنەرانی هەڵبژاردەکە دەکرێن، ئەمساڵیش کاتێک دەستەی ڕاهێنەرانی هەڵبژاردەی کوردستان یاریزانەکانیان دەستنیشانکرد بۆ بەشداریکردن لە پاڵەوانیەتی کۆنیفا لە هەرێمی ئەبخازیا، لە ڕووسیا، کە بڕیارە یارییەکانی لە 2016/5/29 دەست پێبکەن، ڕووبەڕووی هەمان گلەیی و ڕەخنە بوونەوە. یەکێک لەو یاریزانانەی کە ئەمساڵ ئاستێکی بەرزی پێشکەش کردووە لە خولی نایابی کوردستان، بەڵام بۆ ریزەکانی هەڵبژاردەی کوردستان بانگهێشت نەکراوە، ئیڤان خالیدی یاریزانی یانەی هەولێرە، کە بەقسەی خۆی ئەو ڕۆڵی کاریگەری هەبووە لە بردنەوەی نازناوی خولەکە، بەڵام ناوی لە لیستی یاریزانانی دەستنیشانکراو بۆ هەڵبژاردەی کوردستان نەبووە.

ئیڤان خالید، لەو بارەوە بە (ڕووداوی وەرزشی) گوت «خۆم بە زوڵملێکراو دەزانم، چونکە شایستەی ئەوە بووم ناوم لە پێکهاتەی هەڵبژاردەی کوردستان بووایە، لەبەرئەوەی ئەمساڵ توانییم لە خولی نایابی عێراق و کوردستان ئاستێکی باش پێشکەش بکەم و ببمە جێگەی متمانەی ڕاهێنەرەکانم».

هەروەها ئەو یاریزانە بۆ زیاتر سەلماندنی بۆچوونەکەی، گوتی «ئەنجامەکانی ڕاپرسی کەناڵیکی تەلەفزیۆنیش، کە بۆ باشترینەکانی خولی نایابی کوردستان کرابوو، ڕاستی قسەکانم دەسەلمێنن، چونکە لەو ڕاپرسییەدا من پلەی یەکەمم بەدەستهێناوە». ئیڤان هەروەها گوتی «ئەمانە هەمووی مانای ئەوەن کە من توانیومە بەدڵی هەموو لایەک بم، بەڵام بەداخەوە ئەمساڵیش خەونەکەم نەهاتەدی و نەمتوانی خزمەت بە هەڵبژاردەی نیشتیمانیی وڵاتەکەم بکەم».

ئەو یاریزانەی یانەی هەولێر، سەیری بەوە دێت کە تاوەکو ئێستا ڕوون نییە یاریزانانی هەڵبژاردەی کوردستان لەسەر چ بنەمایەک دەستنیشان دەکرێن و گوتی «بەداخەوە تا ئێستا ڕوون نییە ڕاهێنەری هەڵبژاردەی کوردستان لەسەر چ بنەما و پێوەرێک یاریزان دەستنیشان دەکات، هەموو ساڵێک لەسەر دەستی ئەوانەی بووینە ڕاهێنەری هەڵبژاردەی کوردستان، چەندان یاریزانی شایستە مافیان دەخورێت و بانگهێشت ناکرێن».

**«لە ڕاپرسییەکدا بە باشترین یاریزانی کوردستان دەستنیشانکرام، کەچی لە هەڵبژاردەی کوردستان وەرنەگیرام»**

هەروەها گوتیشی «لەگەڵ ئەوەی ئەمساڵ زوڵم لێکرا و نەمتوانی درێسی هەڵبژاردەی کوردستان لەبەربکەم، بەڵام زیاتر خۆم ماندوو دەکەم و کۆڵ نادەم، چونکە ئامانجە لە پاڵ یانەکەم لە ڕێگەی وەرزش خزمەت بە نیشتیمانەکەم بکەم، ئەوەی گرنگە ئەوەیە کە ئێستا هەڵبژاردەی کوردستانمان هەیە و بەشدارە لە جامی کۆنیفا، پێویستە هەموومان هاندەر و پاڵپشتی بین، سەرکەوتنی کوردستان سەرکەوتنی هەموو کوردە، هیوای سەرکەوتن بۆ ستافی ڕاهێنەران و یاریزانان دەخوازم، بە ئومێدی ئەوەم بە ئەنجامی باش بگەڕێنەوە کوردستان».

هەر کاتێک ناوی یاریزانانی هەڵبژاردەی کوردستان ڕادەگەینرێت، هەندێک قسەی باو هەن هەموو ساڵێ دەگوترێنەوەو یەکێتی تۆپی پێ و دەستەی ڕاهێنەرانی هەڵبژاردەکە پێ تۆمەتبار دەکرێن، وەک (شارچییەتی، هاوڕێیەتی و بەرژەوەند پەرستی).



### لە خولی یانە پلە دووەکانی ئەڵمانیا یاری دەکات..

# میران دەچێتە یانەی دۆسیلدۆرف



**کارزان کانەبی**
**تایبەت بە ڕووداوی وەرزشی**

میران کەریم، هێرشبەری یانەی وەرزشیی پێشمەرگەی هەولێر بە (ڕووداوی وەرزشی) گوت «دەچمەوە ئەڵمانیا بۆ لای خانەوادەکەم، لەوێش دەمەوێت لەگەڵ یانەی دۆسیلدۆرف بگەمە ڕێککەوتن بۆ یاری کردن لە خولی یانە پلە دووەکانی ئەڵمانیا».

یەکێک لەو یاریزانە بەتوانایانەی ئەمساڵ لە خولی نایابی کوردستان بە ئاستە بەرزەکەی سەرنجی هەموو لایەکی ڕاکێشا، میران کەریمی هێرشبەری یانەی پێشمەرگەی هەولێر بوو، کە لە زۆر لە یارییەکاندا فریادەرسی یانەکەی بووەو ڕۆڵێکی باشی بینی لە بەدەستهێنانی پلەی دووەم بۆ یانەکەی.

هەرچەندە بەر لە قۆناخی چوارگۆشەی زێڕینی خولی کوردستان میران خواحافیزی لە یاریزانانی تیپەکەی کردو سەفەری ئەڵمانیای کرد، بەڵام بەهۆی خۆشەویستی بۆ یانەکە و یاریزانان و ڕاهێنەری تیپەکەی، میران لە ئەڵمانیاوە گەڕایەوە پیرمام بۆ تەواوکردنی یارییەکانی خولی کوردستان لەگەڵ یانەکەی.

ئەو ئێستا دەیەوێ لە خولی یانە پلە دووەکانی ئەڵمانیا یاری بکات و هەوڵی گەیشتنە ڕێککەوتنە لەگەڵ یانەی دۆسیلدۆرف. لەو بارەوە میران کەریم بە (ڕووداوی وەرزشی) گوت «دوای تەواوبوونی خولی نایابی یانەکانی کوردستان بڕیاری ئەوەمداوە بگەڕێمەوە ئەڵمانیا، بە یەکجاری دەچمەوە لای خانەوادەکەم، بێگومان بەردەوام دەبم لە وەرزشکردن و هەوڵدەدەم بچمە ریزەکانی یانەیەکی ئەڵمانی». میران هەروەها گوتی «قسەم لەگەڵ چەند یانەیەک کردووە لە ئەڵمانیا بۆ ئەوەی یاریان بۆ بکەم، یانەیەک هەیە لەو شارەی ئێمە لێیدەژین، یانەی دۆسیلدۆرف، لە خولی یانە پلە دووەکانی ئەڵمانیا یاری دەکات، چەند یانەیەکی دیکەش هەن، بەڵام تاوەکو نەچمەوە ئەڵمانیا نازانم لەگەڵ کامە یانە دەگەمە ڕێککەوتن».

میران کەریم، لە بارەی خولی کوردستانیش قسەی بۆ (ڕووداوی وەرزشی) کرد و گوتی «خولی نایابی یانەکانی کوردستان ئەمساڵ زۆر بەهێز بوو، هەموو یانەکان ئاستیان لە یەکدی نزیک بوو، ئێمەش وەک یانەی پێشمەرگەی هەولێر ئاستێکی بەرزمان پێشکەشکرد، خۆمان بە شایستەی بەدەستهێنانی نازناوەکە دەزانی، بەڵام ئیدی قسمەتەکەمان هەر ئەوەندە بوو». ئەو سوپاسی دەستەی کارگێڕی و ڕاهێنەر و یاریزانانی یانەکەی کرد و دووپاتیکردەوە کە لەگەڵ یانەی پێشمەرگەی هەولێر زۆر ئاسوودە بووە، بەڵام وەک خۆی گوتی «چیبکەم کە ناچارم لەگەڵ خانەوادەکەم لە ئەڵمانیا ژیان بەسەر ببەم».

دۆسیلدۆرف، یانەیەکی ناوداری ئەڵمانییە، ساڵی 1895 دامەزراوەو ئێستا لە خولی یانە پلە دووەکانی ئەو وڵاتە یاری دەکات. ئێستا بە کۆکردنەوەی 29 خاڵ، پلەی 15ی ریزبەندی یانە پلە دووەکانی ئەڵمانیای گرتووە. خولەکە دوو گەڕی ماوەو هێشتا ئەو یانەیە لە مەترسی دابەزین بۆ خولی یانە پلە سێیەکان ڕزگاری نەبووە.




ئینتەرنێتی EXTRA G بەسەر خزم و دۆستانت بەش بکە لە هەر شوێنێکی عێراق بن بەشێوازێکی ئاسان و خێرا

- ئەم خزمەتگوزارییە بەردەستە بۆ سەرجەم بەشداربووانی ئێکسترا و ئێکسترا VIP و ئێکسترا پلەس.
- بۆ کاراکردن: سەردانی ماڵپەری "بژاردەکانم" بکە لەڕێگەی ئەم لینکە selfcare.korektel.com هەروەها هەژمارێک بۆ خۆت دروست بکە بۆ مەبەستی بەشداریکردن لە ئینتەرنێت.
- دەتوانی ئینتەرنێت بەش بکەی بەسەر 3 ژمارە یاخود بە ئامێرێك کە پاڵپشتی سیمکارت بکات (Korek Modem, Korek Hotspot, Tablet, Mobile ,....) تەنانەت ئەگەر لە هەمان شوێنیش نەبن.
- ماوەی بەردەستبوون: هەمان ماوەی بەردەستبوونی ئەو پاکێجەی هەیە کە بەشداریت لێی کردووە.
- دەتوانی ژمارەکان زیاد بکەی و بیان سڕیتەوە هەروەها دەتوانی قەبارەی هەر بەکارهێنەرێك دیاری بکەی.

| پاکێجەکان | ئێکسترا | ئێکسترا VIP | ئێکسترا پلەس |
|---|---|---|---|
| قەبارە | 10 GB | 20 GB | 40 GB |
| کاراکردنی پاکێج (د.ع.) | 40,000 | 60,000 | 90,000 |
| ماوەی بەردەستبوون | 30 ڕۆژ | 30 ڕۆژ | 30 ڕۆژ |
| کاراکردنی بەشداربوونی داتاکان (د.ع.) | 7,000 | 6,000 | 5,000 |
| زیادکردنی بەشداربوو (د.ع.) | 5,000 | 4,000 | 3,000 |

korektel.com
411

ڕووداو وەرزشی
ژمارە (400) سێشەممە 2016/5/17



## شایەنە

لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەڤانیدا جیانلویجی بۆفۆنی گۆڵپارێز و کاپتنی هەڵبژاردەی ئیتاڵیا هەموو ئامادەبوونی تووشی سەرسوڕمان کرد کاتێک گوتی « فرانچیسکۆ تۆتی شایەنی ئەوەیە لەگەڵ هەڵبژاردەی ئیتاڵیا بەشداری لە یۆرۆی 2016دا بکات». بۆفۆن لە درێژەی قسەکانیدا لەبارەی تۆتی تەمەن 39 ساڵان، گوتی «ئەگەر بەدەست من بووایە، بەبێ دوودڵی تۆتیم بانگهێشتی هەڵبژاردەی ئیتاڵیا دەکرد، چونکە هەموو تیپێک پێویستی بە یاریزانی بە ئەزموونی وەک تۆتی هەیە، ئەو لە هەر ساتێکدا دەتوانێت ئەنجامی یاری بگۆڕێت».

# مێسی پێشمەرگەیەک دڵخۆش دەکات

### لەلەی پێشمەرگە بە درێسی مێسی دژی داعش دەوەستێتەوە..




**ئیحسان تاهیر**
**تایبەت بە ڕووداوی وەرزشی**

ماڵپەڕێکی بەناوبانگی ئینگلیزی بە هەڵوێستێکی پێشمەرگەیەکی کوردستان سەرسام دەبێت، کە لە بەرەکانی شەڕی دژ بە ڕێکخراوی تیرۆریستی داعشدا، هانی لیۆنێل مێسی و یانەی بارسێلۆنا دەدات بۆ ئەوەی نازناوی لالیگا ببەنەوەو دەنووسێت «پێشمەرگەیەک بە چەکی M16 و درێسی مێسی و ئاڵای بارسا شەڕی داعش دەکات». ئەو پێشمەرگەیەش بە (ڕووداوی وەرزشی) گوت «گەورەترین ئاواتی من لەناوبردنی داعش و سەربەخۆبونی کوردستانە، ئینجا سەرکەوتنی مێسی و بارسا».

ماڵپەڕی 101GREATGOALS.COMی بەریتانی، وێنەی پێشمەرگەیەکی کوردی بڵاوکردووەتەوە، کە لەناو سەنگەری شەڕ لەدژی داعشدا لە تەنیشت چەکێکی دۆشکەوە چەکێکی M16ی بەدەستەوەیەو درێسی مێسی و ئاڵای بارسا نمایش دەکات.

> **ماڵپەڕی 101GREATGOALS.COMی بەریتانی:**
> **پێشمەرگەیەک بە چەکی M16 و درێسی مێسی و ئاڵای بارسا شەڕی داعش دەکات**

ئە و ماڵپەڕە باس لەوە دەکات کە ئەو پێشمەرگەیە لە کاتی شەڕ و بەرگریکردن لە کوردستان لەدژی تیرۆریستانی داعش، خۆشەویستی خۆی بۆ مێسی و بارسێلۆنا نیشاندەدات و هەرگیز شەڕ و ڕووبەڕووبونەوەی مەترسی تیرۆریستان، خۆشەویستی مێسی و بارسای لە دڵی ئەو پێشمەرگەیەدا دەرنەهێناوە.

ئەو گەنجە کوردە، کە ناوی سیامەند تێلی تەهایە، پێشمەرگەیە لە فەرماندەی سەفین، خۆشەویستی سەرشێتانەی خۆی بۆ مێسی و بارسای بۆ (ڕووداوی وەرزشی) دووپاتکردەوەو گوتی «دڵی خۆم کردووەتە 3 بەش، یەکەمیان بۆ کوردستان و پێشمەرگەیە، یەکێکیشیان بۆ مێسی و ئەوەی دیکەش بۆ بارسایە».

سیامەند تێلی، تەمەن 20 ساڵان، لەنێو هاوڕێکانیدا بە «لەلە» ناودەبرێت، ئەو هێندە مێسی و بارسای خۆشدەوێت، هاوڕێکانی بە «مێسی» بانگی دەکەن و وەک خۆی گوتی «ناوی خۆم لە فەیسبووکیش کردووەتە LALA MESSI KATALONY». هەروەها گوتی «هێندە مێسی و بارسام خۆشدەوێن، دەیان درێس و ئاڵاو لۆگۆی مێسی و بارسام هەیە، زۆرجار برادەران بە دیاری بۆم دێنن». هەروەها گوتیشی «زیاتر لە 15 درێسی مێسی و ئاڵای بارسام لەگەڵ خۆمدا هێناوەتە بەرەکانی جەنگ».

> **لەلەی پێشمەرگە:**
> **ئاواتی من لەدوای سەربەخۆیی کوردستان سەرکەوتنی مێسی و بارسایە**

ئەو پێشمەرگەیە، کە ئێستا لە بادۆش ئەرکی پێشمەرگایەتی دەبینێت، بۆ (ڕووداوی وەرزشی) باس لەو وێنەیە دەکات کە ماڵپەڕە بەریتانییەکە بڵاویکردووەتەوەو دەڵێت «کاتێک بارسا یارییەک دەباتەوە حەزدەکەم وێنەی خۆم لەگەڵ درێسی مێسی و ئاڵای بارسا بگرم، کاتێک دەشدۆڕێت ئەو کارە دەکەم، چونکە هەستدەکەم بەو شێوەیە هانی بارسا دەدەم بۆ بردنەوەو قەرەبووکردنەوەی شکستەکە، بۆیە کاتێک جیاوازی نێوان بارسا و ریال مەدرید و ئەتلەتیکۆ مەدرید کەم بووەوە ویستم بە گرتن و بڵاوکردنەوەی ئەو وێنەیە هانی بارسا بدەم بۆ بردنەوەی نازناوی لالیگا».

سیامەند، یاخود لەلە، باسی ئەو شەوە دەکات، کە بارسا لە دوایین گەڕی لالیگادا بە 3 گۆڵی بێبەرامبەر لە گرانادای بردەوەو بووە پاڵەوانی لالیگا، بەقسەی سیامەند ئەو شەوە یەکێک بووە لە خۆشترین کاتەکانی ژیانی، چونکە بەر لە یارییەکە ترسی ئەوەی لێی نیشتبوو ریال مەدرید لەدوا ساتەکاندا نازناوەکە لە بارسا وەربگرێت و گوتی «لەناو سەنگەردا سەیری یارییەکەم دەکرد، بەر لە یارییەکە دەترسام، بەڵام دوای تێپەڕبوونی چەند خولەکێک لە یارییەکە ترسم نەما، بارسا ئاستێکی بەرزی پێشکەش دەکرد، دەمزانی دەبەینەوەو هەر ئەوەش ڕوویدا، بەڕاستی ئەو شەوە یەکێک بوو لە خۆشترین شەوەکانی ژیانم». هەروەها گوتیشی «سوپاسی مێسی و سوارێز و نەیمار و بارسا دەکەم، کە دڵی منیان خۆش کرد».

> **هاوڕێیەکی لەلەی پێشمەرگە:**
> **ئەو شەوەی بارسا بووە پاڵەوانی لیگا، لەلە گوتی ئەمشەو لەجیاتی هەمووتان پاسەوانی دەکەم**

بەهەرەم زکری، کە ئەویش پێشمەرگەیە، هاوڕێییەکی نزیکی سیامەندەو پێکەوە لەناو یەک سەنگەردا شەڕی داعش دەکەن، بە (ڕووداوی وەرزشی) گوت «ئەو شەوەی بارسا بووە پاڵەوانی لالیگا، سیامەند هێندە خۆشحاڵ بوو، پێیگوتین من ئەم شەو لە خۆشیان ناخەوم، لەجیاتی هەمووتان ئەرکی پاسەوانی لەئەستۆ دەگرم».

ماڵپەڕی 101GREATGOALS.COMی بەریتانی، کە بایەخ بە وێنە و گرتەی ڤیدیۆیی ناوازە دەدات، لەگەڵ بڵاوکردنەوەی وێنەیەکی سیامەند، نووسیویەتی «پێشمەرگەیەک بە چەکی M16 و درێسی مێسی و ئاڵای بارسا شەڕی داعش دەکات». سیامەندی پێشمەرگەش لەو بارەوە بە (ڕووداوی وەرزشی) گوت «گەورەترین ئاواتی من لەناوبردنی داعش و سەربەخۆبوونی کوردستانە، ئینجا سەرکەوتنی مێسی و بارسا، بەڕاستی شەڕی تیرۆریستان خۆشەویستی بارسا و مێسی لەبیر نەبردوومەتەوە».

زۆر لە ماڵپەڕ و دەزگاکانی ڕاگەیاندنی عەرەبی وەک سایتی ئیلاف، اليوم السابع، ئینفراد و چەندینی دیکەش ئەم هەواڵەی ماڵپەڕە بەریتانییەکەیان لەسەر سیامەندی پێشمەرگە بڵاوکردەوە، بۆیە سیامەند هیوا دەخوازێت، لە ڕێگەی (تۆڕی میدیایی ڕووداو)ەوە، دەنگی ئەو بگاتە بارسا و مێسی، کە بە قسەی خۆی «من هیچم لە بارسا و مێسی ناوێت، تەنیا دەمەوێ بزانن کە ئەوان لە کوردستان خاوەنی هەوادارێکی زۆرن». هەروەها گوتیشی «خەونی گەورەم سەربەخۆبوونی کوردستانە، ئینجا سەفەرکردنمە بۆ هەرێمی کەتالۆنیا و بینینی مێسی و ئەستێرەکانی دیکەی بارسێلۆنا».

### سەرەڕای ئەوەی لە 34 یاریدا 24 گۆڵی تۆمارکردووە..

# گۆڵەکانی نەیمار بێ کەڵک بوون



## «بارسا بەهۆی گۆڵەکانی نەیمارەوە تەنیا 8 خاڵی بەدەستهێناوە»

**ڕووداوی وەرزشی ـ SAMBA**

نەیمار دا سیلڤا، ئەستێرەی بەرازیلی هێرشبەری یانەی بارسێلۆنای ئیسپانی، لە دوایین پلە هات لە لیستی ئەو ئەستێرانەی، گۆڵی کاریگەرییان بۆ تیپەکانیان تۆمارکردووە لە وەرزی ئەمساڵی لالیگادا.

نەیمار 24 گۆڵی لە 34 یاری لە لالیگا تۆمارکردووە، 4 لەو گۆڵانە سوپەر هاتریک بوو لە گۆڵی رایۆ ڤالیکانۆ لە گەڕی 8ی لیگادا، دووجار دوو گۆڵ بەرامبەر ڤیاڕیال و خیتافی، لەگەڵ 18 پاسی یەکلاییکەرەوە.

نەیمار لە دوایین پلەی خاوەن گۆڵە کاریگەرەکانەو لە پلەی 18 دێت، چونکە بارسێلۆنا بەهۆی ئەو 24 گۆڵەی نەیمار تەنیا 8 خاڵی بەدەستهێناوە. ڕۆبن کاسترۆ و ئیاگۆ ئیسپاس لەپێش هەمووان دێن، کە بە گۆڵەکانیان توانیویانە 17 خاڵ و 18 خاڵ بۆ ریال بیتس و سێلتاڤیگۆ بەدەستبێنن، لەو کاتەی لیۆنێل مێسی بە 26 گۆڵەکەی ڕۆڵی هەبووە لەوەی بارسێلۆنا 11 خاڵ بەدەستبێنێت، بەمەش هاوشێوەی ڕکابەرەکەی، کریستیانۆ ڕۆناڵدۆیە، کە ئەویش بە 35 گۆڵەکەی 11 خاڵی بۆ ریال مەدرید بەدەستهێناوە.

ئەم وەرزە باشترین وەرزی نەیمارە لەگەڵ بارسا لە ڕووی تۆمارکردنی گۆڵەوە، لەوەتەی لە هاوینی 2013 لە یانەی سانتۆسی بەرازیلییەوە پەیوەندی بە ریزەکانی تیپەکەی کەتالۆنیاوە کردووە، نەیمار لەم وەرزەدا 24 گۆڵی تۆمارکردووە، بەرامبەر بە 22 گۆڵ لە وەرزی ڕابردوو لە هەمان ژمارەی یارییەکاندا، بێجگە لە 9 گۆڵ لە وەرزی 2013 ـ 2014.

**لیستی ناوی ئەو یاریزانانەی بە گۆڵەکانیان زۆرترین خاڵیان بۆ یانەکانیان بەدەستهێناوە، بەمشێوەیە:**

1 ـ ڕۆبن کاسترۆ (ریال بیتیس) 19 گۆڵی تۆمارکردووە، بەشداری لە بەدەستهێنانی 17 خاڵ کردووە.

2 ـ ئیاگۆ ئیسپاس (سێلتاڤیگۆ) 15 گۆڵی تۆمارکردووە، بەشداری لە بەدەستهێنانی 16 خاڵ کردووە.

3 ـ لویس سوارێز (بارسێلۆنا) 40 گۆڵی تۆمارکردووە، بەشداری لە بەدەستهێنانی 15 خاڵ کردووە.

4 ـ مانوێل نۆلیتۆ (سێلتاڤیگۆ) 12 گۆڵی تۆمارکردووە، بەشداری لە بەدەستهێنانی 14 خاڵ کردووە.

5 ـ کەریم بنزیمە (ریال مەدرید) 24 گۆڵی تۆمارکردووە، بەشداری لە بەدەستهێنانی 14 خاڵ کردووە.

6 ـ ئەنتوان گریزمان (ئەتلەتیکۆ مەدرید) 22 گۆڵی تۆمارکردووە، بەشداری لە بەدەستهێنانی 13 خاڵ کردووە.

7 ـ لیونێل مێسی (بارسێلۆنا) 26 گۆڵی تۆمارکردووە، بەشداری لە بەدەستهێنانی 11 خاڵ کردووە.

8 ـ کریستیانۆ ڕۆناڵدۆ (ریال مەدرید) 35 گۆڵی تۆمارکردووە، بەشداری لە بەدەستهێنانی 11 خاڵ کردووە.

### ئەلیگری پێیوایە کوردێک چامپیۆنسلیگی بۆ دەباتەوە..



# پیرەژنەکەی ئیتاڵیا حەزی لە کوڕە کوردەکەیە

**ڕووداوی وەرزشی ـ SPORT**

ڕۆژنامەیەکی ئیتاڵی ئاشکرای دەکات کە ماسیمیلیانۆ ئەلیگری ڕاهێنەری یانەی یوڤانتۆسی ئیتاڵی پێیوایە، مەسعود ئۆزێلی یاریزانی کوردی ئەڵمانی ئەو یاریزانەیە کە یانەکەی پێویستی پێیەتی بۆ ئەوەی نازناوی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا بباتەوە.

بە گوێرەی ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەی لاگازیتا دیلۆ سپۆرتی ئیتاڵی، ئەلیگری گەیشتووەتە ئەو بڕوایە کە تیپەکەی زۆر پێویستی بە تواناکانی مەسعود ئۆزێلە، بۆ ئەوەی بتوانێت دوای 20 ساڵ دابڕان، جارێکی دیکە زۆر بەهێز بگەڕێتەوە نێو ڕکابەرییەکانی ئەوروپا. ئەو ڕۆژنامەیە لەو بارەوە نووسیویەتی «ئەلیگری بڕیاریداوە یەکەم کاری بۆ وەرزی داهاتوو ڕازیکردنی ئەستێرەی ئارسناڵی ئینگلیزی بێت بۆ ئەوەی بێتە ریزەکانی یانەی خانمە پیرەکەی ئیتاڵیا و بۆ ئەو مەبەستەش ئەرکی ڕازیکردنی ئۆزێلی بە سامی خدێرەی یاریزانی ئەڵمانی یانەکەی سپاردووە، کە هاوڕێیەکی زۆر نزیکی ئۆزێلە».

بە قسەی ڕۆژنامە ئیتاڵییەکە، ئەگەری ئەوە هەیە مەسعود ئۆزێل بە قسەی خدێرە بکات و بچێتە ریزەکانی یوڤانتۆس، چونکە بێئومێد بووە لەوەی لەگەڵ ئارسناڵ نازناوەکان بباتەوە، بەتایبەتیش نازناوی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا.

### پێشنیازێکە بۆ ڕێگەگرتن لەو ڕاهێنەرانەی پشت بە پلانی بەرگری دەبەستن..

# هەر تیپێکی تۆپی پێ بە 10 یاریزان یاریدەکات

**ڕووداوی وەرزشی ـ TANGO**

ڕاهێنەرێکی ئەرجەنتینی بە مەبەستی جوانترکردنی یاری تۆپی پێ و ڕێگەگرتن لەو ڕاهێنەرانەی پشت بە پلانی بەرگری توکمە دەبەستن و بەو هۆیەوە یاری تۆپی پێیان بێتام کردووە، پێشنیازێک دەداتە فیفا بۆ ئەوەی ژمارەی یاریزانانی هەر تیپێک لە 11 یاریزانەوە بکرێتە 10 یاریزان.

ریکاردۆ لا ڤۆلبی، ئاشکرایکرد کە پێشنیازێک بۆ یەکێتی تۆپی پێی نێودەوڵەتی (فیفا) دەنێرێت و داوای لێدەکات «لەمەودوا هەر تیپێکی تۆپی پێ یاری بە 10 یاریزان بکات، بۆ ئەوەی ڕووبەری زیاتر هەبێت و یاری جوان بگەڕێتەوە». لاڤۆلبی، کە لەگەڵ هەڵبژاردەی ئەرجەنتین نازناوی مۆندیالی 1978 بەدەستهێناوە، لە هەڤپەیڤینێکی ڕۆژنامەڤانی لەگەڵ ڕۆژنامەی ئۆلێی ئەرجەنتینی، گوتی «دەبێت ڕووبەری زیاتر هەبێت، بۆیە پێشنیازێک بۆ فیفا دەنێرم و داوای لێدەکەم لەمەودوا یاری بە 10 یاریزان بکرێت، یاریم کردووە و پیشەوایەتی هەڵبژاردەم کردووە لە مۆندیال، پاڵەوان بووم و لێکۆڵینەوە لە تۆپی پێ دەکەم». هەروەها گوتی «با یاریزانێک کەم کەینەوە، ئەو گۆڕانکارییە ڕێگە بە تیپەکان نادات ڕووبەرەکانی یاریگەکەیان داخەن، بەمەش یاری جوان دەگەڕێتەوە».

ئەو ڕاهێنەرە باسی یاری پێش کۆتایی چامپیۆنسلیگی نێوان ئەتلەتیکۆ مەدریدی ئیسپانی و بایرن میونشنی ئەڵمانی کرد، لەگەڵ جیاوازی لە شێوازی یاریکردنی هەردوو ڕاهێنەر پیپ گواردیۆلا و دییگۆ سیمیۆنی و گوتی «ئەتلەتیکۆ بە بێدەنگی نەدەوەستا لەو جوولەیەی کە ئەنتوان گریزمان گۆڵی یەکسانبوونی لە ئەڵمانیا تۆمارکرد، بەدڵی خەڵکی نابێت، بەڵام ئەتلەتیکۆ تیپێکی چێژبەخشە و زۆر ئەستەمە گۆڵی لێبکەی».





## درۆیە

کەناڵی سکای سپۆرتی بەریتانی ئەو دەنگۆیانەی ڕەتکردەوە کە باس لە ویستی ئۆسکاری یاریزانی بەرازیلی دەکەن بۆ ڕۆیشتن لە ریزەکانی یانەی چێڵسی ئینگلیزی و لەو بارەوە گوتی «درۆیە، ئۆسکار بەهیچ شێوەیەک نایەوێ لە چێڵسی بڕوات، سەرەڕای ئەوەی ئەمساڵ وەرزێکی خراپی لەگەڵ یانە لەندەنییەکە بەڕێکرد. ئەو دەیەوێ لەگەڵ ئەنتۆنیۆ کۆنتی ڕاهێنەری نوێی یانەکە دەرفەتێکی دیکە وەربگرێت و بسەلمێنێت کە شایەنی ئەوەیە ڕابەرایەتی چێڵسی بکات».

شتێکە"

ەی

د

...ە بە یەکێکی دیکە شتێکی ئاسایی ...ونی یاریزانێک بۆ تیپی ڕکابەر، بە ...دەنرێت، بۆیە ئەستێرە گەورەکان ...ەند هۆکارێک، لەوانەش ئینتیما بۆ ...ستێرەی گەورەی تۆپی پێ پشتیان ...ی خۆم لەپێش هەموو شتێکە" بەرز ... یانانەی کە دژی یانەی یەکەمیانن. ...کل لاودرۆب، یاریزانی دانیمارکی لە ...ری بۆ چەندین یانە کردووە، کە هیچ ...ووە، بەڵام دوای چوونی لە مانچستەر ...د ساڵی 1994 ڕەخنەی زۆری لێگیرا. ...یا پێرلۆ یاری بۆ 3 یانە کردووە، کە ...ی خولی ئیتاڵیا نیوانیان خۆش نییە. ...یلانەوە چووەتە ئەی سی میلان، ساڵی ...ەتە یوڤانتۆس.

...رازیلی، ساڵی 1997 لە بارسێلۆناوە ...چەندین پێکانی ترسناک بوو، نزیکەی ...کەوتەوە، پاشان چووە ڕیال مەدریدی ...یلۆنا، ئەوەش خۆشەویستانی لە بارسا ...چیکی گۆڵپارێزی چیکی لە چێڵسییەوە ...اڵ، دوای ئەوەی 11 وەرز یاری بۆ بلوز ...ەروەها خوان ماتای یاریزانی ئیسپانیش ...اڵی 2014 لە بڕیاری ڕۆیشتن لە چێڵسی ... ڕکابەرەکەی مانچستەر یونایتد بەرامبەر 45 ملیۆن پاوەند دوو دڵی نەکرد. بۆیە ئەوانە دیارترین ئەو ئەستێرانەن کە بە یاریزانی بەرژەوەند پەرست ناودەبرێن.

### لە یۆرۆی 2016..

# 5 گۆڕانکاری لە یاسای ناوبژیوانی دەکرێت

**ڕووداوی وەرزشی ـ TELEGRAPH**

یەکێتی تۆپی پێی ئەورووپا (یویفا)، بەنیازە هەندێ ڕێوشوێنی ناوبژیوانی ئەنجام بدات، کە لە پاڵەوانیەتی جامی نەتەوەکانی ئەورووپای داهاتوو دەست بە پەیڕەوکردنی بکرێت، کە وا بڕیارە لە 10ی مانگی داهاتوو یارییەکانی لە فەرەنسا دەستپێبکەن.

ڕۆژنامەی تەلیگرافی بەریتانی ئەو 5 بڕیارەی بڵاوکردەوە، کە لە یۆرۆی ئەمجارەدا کاریان پێدەکرێت و بەمشێوەیەن:

1 ـ کارتی سوور لە پێش یارییەکان: بەگوێرەی بنەمای تازە ناوبژیوان مافی دەبێت، یاریزان یان ڕاهێنەر دەربکات، ئەگەر پێش یاری دەستدرێژی بکاتە سەر کەسانی دیکە، بە مەرجێک تیپەکەی بتوانێت بە یاریزانێکی دیکەی بگۆڕێت، ئەگەر لە پێکهاتەی سەرەکیدا بوو. چەندین ڕووداو هەیە پاڵی پێوەناون ئەوە بکەن، دیارترینیان ساڵی 2005 بوو، کە لە یاری مانچستەر یونایتد و ئارسناڵدا، کاتێک هەردوو یاریزان گاری نێڤل و پاتریک ڤیێرا یەکدیان سەرکۆنە کرد، لەگەڵ ئەوەشدا بەشدارییان لە یارییەکەدا کرد.

2 ـ تۆپی سەرەتا: تۆپی سەرەتای هەموو یارییەک دەبێت تۆپەکە نیوەی یاریگای تیپی بەرامبەر ببڕێت، بەر لەوەی جارێکی دیکە بۆ ئەو تیپە بگەڕێندرێتەوە کە لێیداوە، بەڵام لە یۆرۆدا دەتوانێت تۆپی سەرەتا بۆ نێو یاریگەی خۆت بگێڕیتەوە، ئەوەش بۆ هەندێ ڕاهێنەر سوودی هەیە، کە شێوازی بەرگریکردن پەیڕەو دەکەن، هاوشێوەی لویس ڤان گالی ڕاهێنەری هۆڵەندی یانەی مانچستەر یونایتدی ئینگلیزی.

3 ـ کەمکردنەوەی سزای دەرکردن: لە حاڵەتی مانەوەی هێرشبەر بە تەنیایی بەرامبەر گۆڵ یان لە ناوەوە و دەرەوەی هێڵی سزا، یان لە حاڵەتی دەستدان لە تۆپ بە ئەنقەست، بۆ ئەوەی گۆڵەکەی لە گۆڵ لێبوون بپارێزێت.

4 ـ دانی کارت بەو یاریزانەی فێڵ لە گۆڵپارێز دەکات لە کاتی لێدانی سزادا: ئەگەر فێڵ لە گۆڵپارێز کرا و گۆڵ تۆمارکرا گۆڵەکە هەژمار ناکرێت، کارتێکیش بە یاریزانەکە دەدرێت.

5 ـ وچان بۆ ئاو خواردنەوە: کات بۆ ئاو خواردنەوە تەرخان دەکرێت، نەخاسمە ئەگەر یارییەکە لە کەش و هەوایەکی گەرم ئەنجامدرا، ئەوەش بۆ هەندێ یاریزان باشە، هاوشێوەی واین ڕۆنی، کە لە کاتی یارییەکاندا ڕووخساری زۆر سوور هەڵدەگەڕێ، کاتێک زۆر خۆی ماندوو دەکات.




### 5 نهێنی لەبارەی باشترین یاریزانی پرێمەرلیگ..

# محرز وایدەزانی لیستەر سیتی تیپی ڕەگبییە

**ئا: ڕووداوی وەرزشی**

ڕیاز محرز، ئەستێرەی جەزائیری وەرزێکی ناوازەی لەگەڵ یانەی لیستەر سیتی پێشکەشکرد، دوای ئەوەی یانەکە نازناوی پرێمەرلیگی بەدەستهێنا، ئەویش خەڵاتی باشترین یاریزانی خولەکەی پێدرا، بەڵام هەندێ نهێنی هەن دەبێت جیهان لەبارەی محرزەوە لە ساڵی 2016 بیزانن.

## لیستەر ستی تیپی (ڕەگبی)یە

بەر لەوەی ریاز محرز ساڵی 2014 واژوو بۆ لیستەر سیتی بکات، شتێکی ئەوتۆی لەبارەی تیپەکە نەدەزانی و گوێی لە ناویشی نەببوو، بەڵام سەیر لەوەدایە محرز وایدەزانی لیستەر سیتی تایبەتە بە یاری ڕەگبی. محرز لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ گۆڤاری (فۆر فۆر توو)ی وەرزشیی جیهانی ئەوەی ئاشکراکرد، کاتێک ئاماژەی بەوەکرد ئەو پێشتر لە فەرەنسا گوێی لە ناوی لیستەر سیتی نەببوو «لەوانەیە لەبەرئەوە بێت کە لە ریزی یانە پلە یەکەکانی ئینگلتەرا یاری دەکرد، بەڕاستی وامدەزانی تیپێکە یاری ڕەگبی دەکات».

## خەونی باوکی بەدیهێنا

محرز لە تەمەنی 15 ساڵیدا باوکی لەدەستدا، باوکی بەردەوام هانی دەدا ببێتە یاریزانێکی پیشەگەری تۆپی پێ، محرزیش بێهیوای نەکرد و خەونەکەی بەدیهێنا، دوای ئەوەی بووە یاریزانی تۆپی پێ لە فەرەنسا. ساڵی 2016 محرز خەونەکەی باوکی بەتەواوی بەدیهێنا، دوای ئەوەی گرنگترین نازناوی لە مێژووی خۆی بەرزکردەوە، ئەویش قەڵغانی پرێمەرلیگە، بێجگە لە خەڵاتی باشترین یاریزان لە ئینگلتەرا، ئەگەر باوکی لە ژیاندا مابایە شانازی بەو دەستکەوتانەی کوڕەکەی دەکرد.

## هاتریکی جەزائیری

ساڵی 2015 ریاز محرز بووە یەکەم یاریزانی جەزائیری هاتریک لە خولی ئینگیزی تۆماربکات، ئەوەش بەرامبەر یانەی سوانزی سیتی بوو لە گەڕی 15ی پرێمەرلیگدا، کە بردنەوەی ژمارە 9 بوو لە وەرزی 2015 ـ 2016.

## بەهای کڕین

لیستەر سیتی ساڵی 2014 بە بڕی 375 هەزار پاوەند گرێبەستی لەگەڵ ریاز محرز واژووکرد، دوای تەنیا 2 ساڵ نرخی محرز گەیشتە 30 ملیۆن پاوەند، دوای ئەوەی بووە باشترین یاریزانیش لە پرێمەرلیگ، پێشبینی دەکرێت نرخی زیاتر بەرز بێتەوە، لەوانەیە یانە گەورەکانی ئەورووپاش بەدوای بکەون، بۆ ئەوەی سوود لە خزمەتەکانی وەرگرن و گرێبەستی لەگەڵ بکەن.

## بەپێش ئەستێرەکانی جیهانی کەوت

ڕیاز محرز، ئەم وەرزە لەگەڵ لیستەر سیتی بەشداری لە تۆمارکردن و دروستکردنی 38 گۆڵ کردووە، بەمەش بەپێش ئەستێرەکانی وەک گاریس بەیلی وێڵزی، ئەلیکسیس سانچێزی چیلی و سێرجیۆ ئەگوێرۆی ئەرجەنتینی کەوت، هەروەها لەگەڵ ئەستێرەی ئینگلیزی، جیمی ڤاردی گۆڵکاری ڕێوییەکان نزیکەی 60%ی گۆڵەکانی پاڵەوانی پرێمەرلیگیان لە وەرزی 2015 ـ 2016 تۆمارکردووە.




### لەوەتەی دواین نازناوی پرێمەرلیگی بردووەتەوە جیهانی وەرزشیی زۆر گۆڕاوە..

# هەمووجیهان گۆڕا ئارسناڵ هەر نەیبردەوە

**ئا: ڕووداوی وەرزشی**

ساڵەکان تێدەپەڕن و هاندەرانی یانەی ئارسناڵیش خەون بە نازناوی پرێمەرلیگەوە دەبینن، بەڵام زۆری خایاند و ئەو یانەیە هەر نەیتوانی ببێتە پاڵەوانی پرێمەرلیگ، سەرەڕای ئەوەی هەمیشە ئەو یانەیە خاوەنی چەندین یاریزانی بەتوانا بووە.

زۆر شت گۆڕان لەوەتەی ئارسناڵ دوایین جار نازناوەکەی بەدەستهێنا لە وەرزی 2003 ـ 2004، ئەوکات ئارسناڵ بە جیاوازی 11 خاڵ لەپێش چێڵسی خاوەن پلەی دووەم هات، هێرشبەری فەرەنسیش تێری هێنری نازناوی گۆڵکاری بەدەستهێنا، بە تۆمارکردنی 30 گۆڵ.

لە خوارەوە ئاماژە بە چەند گۆڕانێک دەکەین، کە لەوەتەی تۆپهاوێژەکان نازناوەکەیان بەدەستهێناوە، بەسەر جیهانی وەرزشیدا هاتوون:

* یانەی مانچستەر سیتی لەسەر گۆڕەپانی ئینگلیزی دەرکەوت، کە پێشتر ڕکابەری لەسەر نازناوەکە نەدەکرد، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا 2 جار توانی نازناوی پرێمەرلیگ بەدەستبێنێت، لەو کاتەی چێڵسی 4 جار و مانچستەر یونایتدیش 5 جار نازناوەکەیان بەدەستهێناوە.

* لەوەتەی ئارسناڵ دوایین جار نازناوەکەی بەدەستهێناوە، شتێکی دیکەی سەیر ڕوویداوە، تیپی خانمانی یانەکە توانیویەتی 6 جار نازناوەکە بەدەستبێنێت، بەڵام تیپی یەکەمی پیاوان شکستێکی گەورەی هێناوە.

* لەوەتەی وەرزی 2003 ـ 2004 بەلایەنی کەمەوە هەموو یانەکان جارێک ڕاهێنەری خۆیان گۆڕیووە، بۆ نموونە خۆزێ مۆرینیۆ لە چێڵسی ڕۆیشت و گەڕایەوەش، سێر ئەلیکس فیرگسۆن وازی لە ڕاهێنەرایەتی هێنا، کەچی ئارسین ڤینگەر تاوەکو ئەو ساتە هەر ڕاهێنەری ئارسناڵە.

* پیپ گواردیۆلا وازی لە یاریکردن هێنا وەک یاریزان و بووە ڕاهێنەر، 3 جار نازناوی لیگای لەگەڵ بارسێلۆنا بەدەستهێنا، ساڵێک وەستا و پاشان بووە ڕاهێنەری بایرن میونشن و 3 جاریش لەگەڵ ئەو نازناوی بۆندسلیگای بەدەستهێنا.

* ڕاهێنەرانی دیکە زۆر نازناوی ناوخۆییان بەدەستهێناوە، مۆرینیۆ لە ماوەی ئەو ساڵانەدا 6 نازناوی خولی لەگەڵ تیپی جۆراوجۆر بەدەستهێناوە، هێرشبەری سوێدی، زلاتان ئیبراهیموڤیچ 9 نازناوی لەگەڵ یانەکانی ئینتەرمیلان، بارسێلۆنا، میلان و پاریس سانجێرمان بەدەستهێناوە.


* ڕاهێنەری ئیتاڵی، کلاودیۆ ڕانییری 5 جار لە ڕاهێنەرایەتی ئەو یانانە دوورخراوەتەوە، کە لە ماوەی ئەو ساڵانەدا ڕاهێنەرایەتی کردوون، بەر لەوەی لە سەرەتای ئەم وەرزە ببێتە ڕاهێنەری لیستەر سیتی و بۆ یەکەمجار لە مێژووی خۆی یانەکەدا، نازناوی خولی نایابی ئینگیزی لەگەڵیدا بەدەست بێنێت.





» کاتێک تۆپ دەگاتە بەر قاچەکانی مێسی هەستدەکەی مەترسییەک بەڕێوەیە، چونکە یان گۆڵ دەکات یان گۆڵ دروست دەکات

پابلۆ ئەیمار
(ئەستێرەی پێشووی هەڵبژاردەی ئەرجەنتین)



» لاپەڕەی بارسێلۆنام بەیەکجاری داخستووە، ئەو بۆ من بووەتە ڕابردوو، هەرگیز جارێکی دیکە ناگەڕێمەوە ریزەکانی

سیسک فابریگاس
(یاریزانی یانەی چێڵسی)



» دەزانم بردنەوەی نازناوەکان لەلایەن پاریس سانجێرمانەوە بە بێ زلاتان زۆر زەحمەتە، بەڵام هیوادارم بیانباتەوە، چونکە مەحاڵ نییە

زلاتان ئیبراهیموڤیچ
(ئەستێرەی یانەی پاریس سانجێرمان)



» ئێستا گرنگترین یاریزانی ڕیال مەدرید، لۆکا مۆدریچە نەک ڕۆناڵدۆ و بەیڵ و بنزیمە، چونکە کاتێک ئەوان یاری ناکەن کاریگەریان ئەوەندەی یاری نەکردنی مۆدریچ بە ڕیالەوە دیار نییە

پریدراگ میاتۆڤیچ
(هێرشبەری پێشووی ڕیال مەدرید)



» مەرجێکی ئاسانمان هەیە بۆ ئەوەی بۆ بارسێلۆنا دەستبەرداری کاسپەر شمایکل بین، تەنیا لیۆنێل مێسیمان دەوێت

کلاودیۆ ڕانییری
(ڕاهێنەری یانەی لیستەر سیتی)



» لە یاریکردن لەنێو یاریگەدا مێسی و مارادۆنا وەک یەکن، بەڵام لە ڕووی سەرکردایەتیکردنی تیپ و ژووری جلگۆڕیندا مارادۆنا لە مێسی باشتر بوو

تاتا مارتینۆ
(ڕاهێنەری هەڵبژاردەی ئەرجەنتین)

دابەزیوە



کەم یاریکردنی ئەمساڵی لەگەڵ ریال مەدرید و دابەزینی ئاستی یاریکردنی، وایکردووە نرخی ئیسکۆی یاریزانی یانەی شاهانە لە بازاڕی کڕین و فرۆشتنی یاریزاناندا دابەزێت. بەپێی ئامارەکانی ترانسفێر مارکێت، کە ماڵپەڕێکی تایبەتە بە دیاریکردنی نرخی یاریزانان، نرخی ئیسکۆ 5 ملیۆن یۆرۆ دابەزیوەو ئەو ماڵپەرە نووسیویەتی «نرخی ئیسکۆ لە 45 ملیۆن یۆرۆوە دابەزیوە بۆ 40 ملیۆن یۆرۆ، ئەگەر لە ریال مەدریدیش بمێنێتەوە لەوانەیە نرخی زیاتر دابەزێت، چونکە زەحمەتە زێدانی راهێنەر وەک یاریزانی سەرەکی یاری پێبکات».

## یاری کۆتایی یۆرۆپالیگ..

# ڕووبەڕووبوونەوەی 2 ڕاهێنەری بوێر و پڕ لە حەماسەت




### «لیڤەرپوولی کلۆپ لە 7 مانگدا 2 فیناڵ دەکات، کەچی لیڤەرپوولی پێش ئەو بە 7 ساڵ 2 فیناڵی ئەنجامدا»

**شرۆڤە: سەفین تەها**

یاری کۆتایی خولی ئەورووپی (یۆرۆپالیگ) لەنێوان هەردوو یانەی لیڤەرپوولی ئینگلیزی و سیڤیلیای ئیسپانی لەنێو نارەزایەتییەکی زۆری هەوادارانی وەرزشیی لە یاریگەی سانت یاکوب پارک بەرێوەدەچێت. کە تێیدا دوو تیپی خاوەن دوو راهێنەری بە جەرگ و پڕ لە حەماسەت رووبەڕووبوونەوەی یەکدی دەبنەوە.

یاریگەی سانت یاکوب پارک لە بازلی سویسرا، دەبێتە خانەی یاری کۆتایی یۆرۆپالیگ، بەڵام ئەم یاریگەیە بەهۆی بچووکی و کەمی کورسییەکانییەوە لەلایەن هاندەرانی هەردوو یانەوە کەوتووەتە بەر هێرشێکی زۆر، بەتایبەت هاندەرانی لیڤەرپوول کە تەنیا نزیکەی 10 هەزار بلیتییان پێدەدەرێ بۆ ئامادەبوون لە یارییەکە.

هەردوو یانە ئەمساڵ 62 یارییان ئەنجامداوە کە زۆرترینە لەسەر 5 خولە گەورەکەی ئەورووپا، ئەمەش بەهۆی ئەوەی کە کوڕانی ئێمری بەشداریان لە چامپیۆنسلیگدا کرد و دواتر دابەزین بۆ یۆرۆپالیگ و لە بەرامبەریشدا لیڤەرپییەکان جگە لە خولی ئینگلیزی و یۆرۆپالیگ، تاوەکو یاری کۆتایی جامی کاپیتەڵ وەن رۆیشتن و بە مانچستەر سیتی دۆڕان.

ئەم هەموو یارییە بۆ دوو یانە، کە بەدەست کێشەی زەخیرەوە دەناڵێنن تیپەکان زۆر شەکەت دەکات، بەڵام ئەوەی کە دەبێتە وزە بۆ بەردەوام بوونی یاریزانەکان لەسەر یاریکردن بەبێ گوێدانە ماندووبوون، بوونی راهێنەرێکی بەجەرگ و حەماسییە کە لە هەردوو یانەدا ئەم خاسییەتە رەنگەداتەوە.

لە سەرەتای وەرزەوە کەمبوون ئەوانەی خەونیان بەبەدەستهێنانی نازناوێکەوە دەبینی لەلایەن سوورپۆشەکانەوە، هەموو ئەم بۆچوونانە لەگەڵ هاتنی کلۆپدا ئاوازۆبوونەوە و ئەوەتا لە ماوەی 7 مانگدا ئەمە دووەم یاری کۆتاییە کە لیڤەرپوول ئەنجامی دەدا، کەچی پێشتر بە 7 ساڵ دوو یاری کۆتایی ئەنجامدابوو، ئایا ئەمە راستییە؟ خۆ ئەو یاریزانانەی بەدەست کلۆپەوەن پێشتر بەدەست رۆجێرز، هۆدسۆن و داڵگلیشەوە بوون، ئەی ئەمە گەورەیی کلۆپ نەبێ چییە؟.

لە بەرامبەر کلۆپدا لەشکرێک هەن کە دەڵێی خودا بۆ یۆرۆپالیگی دروستکردوون، ئەمە ساڵی سێیەمە لەسەریەک دەگەنە یاری کۆتایی و 3 جاریش بەدەستیان هێناوە و لە مێژووشدا 4 جار بوونەتە پاڵەوانی یۆرۆپالیگ و یۆفا کەپ، کاتێک مێژوو قسە دەکات ماوەیەک بۆ لۆژیک نامێنێتەوە، یانەیەکی وەک سیڤیلیا کە لە خولی ئیسپانیدا یەک سەرکەوتنی لە دەرەوەی یاریگەی خۆیدا نەبووەو لە یۆرۆپالیگدا تەنیا یەک یاری لە دەرەوەی سانچێز پیزخوان بردووەتەوە، ئەی چۆن گەیشتە یاری کۆتایی؟ خۆ فیناڵی یۆرۆپالیگیش لە دەرەوەی یاریگەی خۆیەتی و ئەمجارە هەڵەکردن نییە.

لیڤەرپوول 40 گۆڵی لە ساڵی 2016دا تۆمارکردووە کە زۆرترینە لەسەر ئاستی هەموو یانەکانی ئینگلتەرا، ئەمە شوێنپەنجەی کلۆپ بە تیپەکەوە دەردەخات، تیپێک کە بەدەست کێشەی هێرشبەرەوە ناڵاندبێت، ئێستا بەهێزترین هێرشبەری هەبێ، لەگەڵ ئەوەشدا لەم وەرزەی پریمەرلیگدا 67 لێدانی لە ستوونی گۆڵەکانداوە، خۆ نیوەی ئەوەیان گۆڵبکردایە ئێستا شتێکی دیکە دەبوو.

رێزد دڵی بە چاکبوونەوەی ئێمری جان و هێندێرسۆن خۆشە و سیڤیلیاش ئومێدێکی بە گامێرۆ و کۆنۆپلیانکا هەیە، چونکە ئەو دووانە ئەمساڵ لە یۆرۆپالیگدا نیوەی گۆڵەکانی سیڤیلیایان تۆمار و دروستکردووە.

## بە بەڵگەوە شایەنی نازناوی پرێمەرلیگ بوو..

# لیستەر سیتی 204 رۆژ پێشەنگی پرێمەرلیگ بوو




**رووداوی وەرزشی ـ THE SUN**

چاودێرانی تۆپی پێی ئینگلیزی دان بەوەدا دەنێن کە یانەی لیستەر سیتی ئینگلیزی شایەنی ئەوەبوو نازناوی پرێمەرلیگی ئەمساڵ بباتەوەو بەڵگەش بەوە دەنێنەوە کە زۆرترین رۆژ پێشەنگی ریزبەندی خولەکەی گرتبوو.

هەرچەندە بەدەستهێنانی نازناوی پریمەرلیگ لەلایەن لیستەر سیتی شتێکی چاوەڕوان نەکراو بوو، چونکە وەرزی رابردوو تەنیا تیپێک بوو ململانێی لەسەر مانەوە دەکرد، بەڵام لە وەرزی ئەمساڵدا رێوییەکان بۆ رۆیشتن بەرەو نازناوەکە لەسەر رێگەی راست گوزەریان دەکرد، ئەوەش بە ئامار و ژمارەکانیان دەردەکەوێت، کە دەریدەخەن زۆرترین رۆژ لە سەرووی ریزبەندی یانەکان ماونەتەوە.

رۆژنامەی THE SUNی بەریتانی ئامارێکی بڵاوکردووەتەوە، ژمارەی ئەو رۆژانە دەردەخات، کە هەر تیپێک لە پرێمەرلیگدا لە هەر 20 پلەکە بەسەری بردووە، دەرکەتووە لیستەر سیتی 147 رۆژ لە سەرووی ریزبەندی ماوەتەوە، بە درێژایی وەرزیش لە 10 پلەی یەکەم دەرنەچووە، خراپترین پلەی هەشتەم بووە، کە تەنیا 5 رۆژی تێدا ماوەتەوە. لە لایەکی دیکەوە یانەی ئەستۆن ڤیلای خوارووی ریزبەندی، 204 رۆژ لە دوایین پلە ماوەتەوە، لەو کاتەی تەنیا یەک رۆژ لە پلەی چوارەم ماوەتەوە، هەرچی مانچستەر سیتییە دوای لیستەر سیتی زۆرترین رۆژ لە پلەی یەکەم ماوەتەوە کە 100 رۆژە، تەنیا 3 رۆژیش لە چوارگۆشەی زێڕین دوور بووە.

## رێگە نادات دایک و باوکی ئامادەی ئاهەنگی ژنهێنانی بن..

# ڤاردی دڵڕەق و بێئەمەکە

**رووداوی وەرزشی ـ SPORT**

چەند کاتێکی کەم بەسەر بەدەستهێنانی نازناوی خولی نایابی ئینگلیزی لەلایەن لستەر سیتی بۆ یەکەمجار لە مێژووی خۆیدا تێنەپەڕی، تاوەکو خێزانی هێرشبەری یانەکە، جیمی ڤاردی دەرکەوتن و هێرشیان کردە سەری، بەهۆی هەڵسوکەوتی لە دەرەوەی یاریگە و پەیوەندی خراپی.

رۆژنامەی THE SUNی بەریتانی لێدوانەکانی دایکی جیمی ڤاردی هێرشبەری لیستەر سیتی گواستەوە، کە دڵڕەقی و بێئەمەکی کوڕەکەی بەرامبەر بەخۆی و خێزانەکەی بەهۆی کچە دۆستەکەی ئاشکرا دەکات. دایکی ڤاردی لە بارەی کوڕەکەی دەڵێت «ئەو ئێستا خۆی بۆ ژنهێنان ئامادە دەکات، بەڵام نە من و نە باوکی ئامادە نابین، شتێکی زۆر ناخۆشە». هەروەها دەڵێت :لە بەخێوکردنی ماندوو بووم و قوربانیم بە زۆر شت دا لە پێناوی، بەر لەوەی ببێتە یاریزانێکی بەناوبانگ، ئێستاش پشتی تێکردووم و ماوەی ساڵێکە قسەی لەگەڵ نەکردووم». هەروەها دەشڵێت «لە ئامادەبوون، خۆشی و چێژوەرگرتن لە ژنهێنانەکەی بێبەشم».

ناکۆکی نێوان ڤاردی و خێزانەکەی لەسەر گواستنەوەی دەستگیرانەکەی پیکی نیلسۆنە، بەڵام ڤاردی موکڕە دۆستەکەی بگوازێتەوە، بەربەستەکان هەرچییەک بن. ئەمەو ڤاردی ماوەی سڕکردنی لە دوو یاری قۆستەوە، بۆ ئەوەی خۆی بۆ ئاهەنگی ژنهێنانەکەی ئامادە بکات، کە دوای کۆتاییهاتنی ئەم وەرزە و پێش دەستپێکردنی پاڵەوانیەتی یۆرۆی 2016 لە فەرەنسا ئەنجامی دەدات، کە ڤاردی لەنێو لیستی هەڵبژاردەی ئینگلتەرا دەبێت.

باپیری ڤاردی لە بارەی قەیرانی نێوان ئەو یاریزانە و دایکی دەڵێت «دەستگیرانەکەی هۆکارە و ئەو لێناگەڕێ خێزانەکەی ببینێت».




دەستەی رەخنەگرانی وەرزشیی ڤاردیان بە باشترین یاریزانی ئەم وەرزەی پریمەرلیگ هەڵبژارد، بۆ ئەوەی ببێتە یەک یاریزان لە مێژووی رێوییەکان ئەو خەڵاتە بەرچاوە وەرگرێت.

خێزانی ڤاردی لە وێنەکانی ئاهەنگگێڕانی لیستەر سیتی بۆ بەدەستهێنانی نازناوی پرێمەرلیگ بەر لە دوو گەڕ لە کۆتایی بوونیان نەبوو. لەلایەکی دیکەوە راهیبێکی بودایی دووپاتیدەکاتەوە، درەوشانەوەی ڤاردی لەم وەرزەدا بەهۆی جادوو و هەندێ تەلاسیم بوو، کە سەرۆکی لیستەر سیتی هانای بۆ برد.




باڵانسەکەت کۆتایی هاتووە و دەتەوێ پەیوەندی ئەنجام بدەی؟
لەگەڵ خزمەتگوزاری "گفتوگۆکەت تەواو بکە" لە کورەك، دەتوانی سوود لە باڵانسی زیادکراو وەرگریت.
- بۆ کاراکردنی خزمەتگوزاری "گفتوگۆکەت تەواو بکە" پەیوەندی بکە بە #202*
- بڕی باڵانسی زیادکراو 600 د.ع.
- هەرکاتێ باڵانسەکەت بۆ جارێکیتر پڕبکەیتەوە ئەوا بڕی باڵانسی زیادکراو لە باڵانسەکەت کەم دەکرێتەوە.
- باڵانسی زیادکراو بۆماوەی 3 رۆژ بەردەست دەبێت
- نرخی خزمەتگوزارییەکە 120 د.ع.
- ئەم خزمەتگوزارییە بەردەست دەبێت بۆ سەرجەم بەشداربووانی پریپەید لەنێو تۆڕی کورەك
- دەبێ باڵانسەکەت لە 60 د.ع کەمتر بێت.
- دەبێ پێشتر هێڵەکەت بەلایەنی کەم 3 جار پڕکردبێتەوە.
- نابێت بەشداربوو هیچ قەرزێکی دیکە لە ئەستۆ مابێت.

بوێربە خەون ببینە

411
korektel.com

# خشتەی یارییەکانی هەفتە

جامی فەرەنسا
10:00
شەممە 21/5/2016
مارسیلیا - پاریس سانجێرمان

جامی ئیسپانیا
10:30
یەکشەممە 22/5/2016
بارسیلۆنا - سڤیلیا

یەکلاکەرەوەی بوندسلیگا
09:30
دووشەممە 23/5/2016
نۆرنبێرگ - فرانکفۆرت

دواخراوی پریمەرلیگ
10:00
سێشەممە 17/5/2016
مانچستەر یونایتد - بۆرنیمۆس

## خولی ئیتاڵیا (دوا ریزبەند)

| یانە | خاڵ |
|---|---|
| 1 - یوڤانتۆس | 91 |
| 2 - ناپۆلی | 82 |
| 3 - رۆما | 80 |
| 4 - ئینتەرمیلان | 67 |
| 5 - فیۆرەنتینا | 64 |
| 6 - ساسۆلۆ | 61 |
| 7 - میلان | 57 |
| 8 - لازیۆ | 54 |
| 9 - کیێڤۆ | 50 |
| 10 - جەنەوا | 46 |
| 11 - ئیمپۆلی | 46 |
| 12 - تۆرینۆ | 45 |
| 13 - ئاتالانتا | 45 |
| 14 - بۆلۆنیا | 42 |
| 15 - سامپدۆریا | 40 |
| 16 - ئۆدینێزی | 39 |
| 17 - پالێرمۆ | 39 |
| 18 - کارپی | 38 |
| 19 - فرۆزینۆنی | 31 |
| 20 - هیلاس ڤیرۆنا | 28 |

| گۆڵکاران | یانە | گۆڵ |
|---|---|---|
| 1 - هیگواین | ناپۆلی | 36 |
| 2 - دیبالا | یوڤانتۆس | 19 |
| 3 - باکا | میلان | 18 |
| 4 - ئیکاردی | ئینتەرمیلان | 16 |
| 5 - سەلاح | رۆما | 14 |

* خاوەنی هەردوو پلەی یەکەم و دووەم راستەوخۆ گەیشتوونەتە خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا. خاوەنی پلەی سێیەم بەشداری لە پاڵاوتنەکانی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا دەکات. خاوەنی پلەی 4 راستەوخۆ بەشداری لە یۆرۆپالیگدا دەکات و خاوەنی پلەی 5یش بەشداری لە پاڵاوتنەکانی یۆرۆپالیگدا دەکات. خاوەنی پلەکانی 18 و 19 و 20 دادەبەزن بۆ خولی یانە پلە دووەکانی ئیتاڵیا.

## خولی فەرەنسا (دوا ریزبەند)

| یانە | خاڵ |
|---|---|
| 1 - پاریس سانجێرمان | 96 |
| 2 - لیۆن | 65 |
| 3 - مۆناکۆ | 65 |
| 4 - نیس | 63 |
| 5 - لیل | 60 |
| 6 - سانت ئیتیان | 58 |
| 7 - کان | 54 |
| 8 - رین | 52 |
| 9 - ئەنجی | 50 |
| 10 - باستیا | 50 |
| 11 - بۆردۆ | 50 |
| 12 - مۆنپێلیە | 49 |
| 13 - مارسیلیا | 48 |
| 14 - نانت | 48 |
| 15 - لۆریان | 46 |
| 16 - گانگۆن | 44 |
| 17 - تۆلۆز | 40 |
| 18 - ریمس | 39 |
| 19 - ئەجاکسیۆ | 37 |
| 20 - ترۆا | 18 |

| گۆڵکاران | یانە | گۆڵ |
|---|---|---|
| 1 - ئیبراهیمۆڤیچ | پاریس سانجێرمان | 38 |
| 2 - لاکازێتی | لیۆن | 21 |
| 3 - کاڤانی | پاریس سانجێرمان | 19 |
| 4 - بن عەرەفە | نیس | 17 |
| 5 - باتشوای | مارسیلیا | 17 |

* خاوەنی هەردوو پلەی یەکەم و دووەم راستەوخۆ گەیشتوونەتە خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا. خاوەنی پلەی 3 بەشداری لە پاڵاوتنەکانی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپادا دەکات. خاوەنی پلەی 4 راستەوخۆ بەشداری لە یۆرۆپالیگدا دەکات و خاوەنی پلەی 5یش بەشداری لە پاڵاوتنەکانی یۆرۆپالیگدا دەکات.
خاوەنی پلەکانی 18 و 19 و 20 دادەبەزن بۆ خولی یانە پلە دووەکانی فەرەنسا.

## خولی ئەڵمانیا (دوا ریزبەند)

| یانە | خاڵ |
|---|---|
| 1 - بایرن میونشن | 88 |
| 2 - بورۆسیا دۆرتمۆند | 78 |
| 3 - بایرلیڤەرکۆزن | 60 |
| 4 - مونشنگلادباخ | 55 |
| 5 - شاڵکە | 52 |
| 6 - ماینز | 50 |
| 7 - هێرتا بەرلین | 50 |
| 8 - ڤۆلفسبۆرگ | 45 |
| 9 - کۆڵن | 43 |
| 10 - هامبۆرگ | 41 |
| 11 - ئینگۆلشتات | 40 |
| 12 - ئۆگسبۆرگ | 38 |
| 13 - ڤێردەربریمەن | 38 |
| 14 - دارم شتات | 38 |
| 15 - هۆفنهایم | 37 |
| 16 - فرانکفۆرت | 36 |
| 17 - شتۆتگارت | 33 |
| 18 - هانۆڤەر | 25 |

| گۆڵکاران | یانە | گۆڵ |
|---|---|---|
| 1 - لیڤاندۆفسکی | بایرن میونشن | 30 |
| 2 - ئۆبامیانگ | بورۆسیا دۆرتمۆند | 25 |
| 3 - مۆلەر | بایرن میونشن | 20 |
| 4 - چیچاریتۆ | بایرلیڤەرکۆزن | 17 |
| 5 - مۆدیست | کۆڵن | 15 |

* خاوەنی هەرسێ پلەی یەکەم راستەوخۆ گەیشتوونەتە خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا. خاوەنی پلەی 4 بەشداری لە پاڵاوتنەکانی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپادا دەکات. خاوەنی پلەکانی 5 و 6 راستەوخۆ بەشداری لە یۆرۆپالیگدا دەکەن و خاوەنی پلەی 7یش بەشداری لە پاڵاوتنەکانی یۆرۆپالیگدا دەکات. خاوەنی پلەکانی 17 و 18 دادەبەزن بۆ خولی یانە پلە دووەکانی ئەڵمانیا و خاوەنی پلەی 16 دوو یاری چوون و گەڕانەوە لەگەڵ یانەی نۆرنبێرگ دەکات و براوەی دوو یارییەکە بلیتی بوندسلیگای بەردەکەوێت.

## خولی ئینگلتەرا (دوا ریزبەند)

| یانە | خاڵ |
|---|---|
| 1 - لیستەر سیتی | 81 |
| 2 - ئارسناڵ | 71 |
| 3 - تۆتنهام | 70 |
| 4 - مانچستەر سیتی | 66 |
| 5 - ساوسهامبتۆن | 63 |
| 6 - مانچستەر یونایتد | 63 |
| 7 - وێستهام | 62 |
| 8 - لیڤەرپوول | 60 |
| 9 - ستۆک سیتی | 51 |
| 10 - چێڵسی | 50 |
| 11 - ئێڤەرتۆن | 47 |
| 12 - سوانزی سیتی | 47 |
| 13 - واتفۆرد | 45 |
| 14 - وێست برۆمیچ | 43 |
| 15 - کریستال پالاس | 42 |
| 16 - بۆرنیمۆس | 42 |
| 17 - سەندەرلاند | 39 |
| 18 - نیوکاسڵ | 37 |
| 19 - نۆرویچ سیتی | 34 |
| 20 - ئەستۆن ڤیلا | 17 |

| گۆڵکاران | یانە | گۆڵ |
|---|---|---|
| 1 - کەین | تۆتنهام | 25 |
| 2 - ڤاردی | لیستەر سیتی | 24 |
| 3 - ئەگوێرۆ | مانچستەر سیتی | 24 |
| 4 - لۆکاکۆ | ئێڤەرتۆن | 18 |
| 5 - محرز | لیستەر سیتی | 17 |

* خاوەنی هەرسێ پلەی یەکەم راستەوخۆ گەیشتوونەتە خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا. خاوەنی پلەی 4 بەشداری لە پاڵاوتنەکانی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپادا دەکات. خاوەنی پلەکانی 5 و 6 راستەوخۆ بەشداری لە یۆرۆپالیگدا دەکەن و خاوەنی پلەی 7یش بەشداری لە پاڵاوتنەکانی یۆرۆپالیگدا دەکات. خاوەنی پلەکانی 18 و 19 و 20 دادەبەزن بۆ خولی یانە پلە یەکەکانی ئینگلتەرا.

## خولی ئیسپانیا (دوا ریزبەند)

| یانە | خاڵ |
|---|---|
| 1 - بارسیلۆنا | 91 |
| 2 - ریال مەدرید | 90 |
| 3 - ئەتلەتیکۆ مەدرید | 88 |
| 4 - ڤیاریال | 64 |
| 5 - ئەتلەتیک بلباو | 62 |
| 6 - سێلتاڤیکۆ | 60 |
| 7 - سڤیلیا | 52 |
| 8 - مەلەگە | 48 |
| 9 - ریال سۆسیداد | 48 |
| 10 - ریال بیتیس | 45 |
| 11 - ڤالنسیا | 44 |
| 12 - لاس پالماس | 44 |
| 13 - ئیبار | 43 |
| 14 - ئیسپانیۆل | 43 |
| 15 - دیپۆرتیڤۆ | 42 |
| 16 - خیخۆن | 39 |
| 17 - گرانادا | 39 |
| 18 - رایۆ ڤالیکانۆ | 38 |
| 19 - خیتافی | 36 |
| 20 - لیڤانتی | 32 |

| گۆڵکاران | یانە | گۆڵ |
|---|---|---|
| 1 - سوارێز | بارسیلۆنا | 40 |
| 2 - رۆناڵدۆ | ریال مەدرید | 35 |
| 3 - میسی | بارسیلۆنا | 26 |
| 4 - نەیمار | بارسیلۆنا | 24 |
| 5 - بنزیمە | ریال مەدرید | 24 |

* خاوەنی هەر چوار پلەی یەکەم گەیشتوونەتە خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا. خاوەنی پلەی 5 و 6 راستەوخۆ بەشداری لە یۆرۆپالیگدا دەکەن. خاوەنی پلەکانی 18 و 19 و 20 دادەبەزن بۆ خولی یانە پلە دووەکانی ئیسپانیا.

یەکلاکەرەوەی بوندسلیگا
09:30
پێنجشەممە 19/5/2016
فرانکفۆرت - نۆرنبێرگ

جامی ئینگلتەرا
07:30
شەممە 21/5/2016
مانچستەر یونایتد - کریستال پالاس

جامی ئەڵمانیا
09:00
شەممە 21/5/2016
بایرن میونشن - بورۆسیا دۆرتمۆند

جامی ئیتاڵیا
09:45
شەممە 21/5/2016
میلان - یوڤانتۆس



31

دوای بردنەوەی نازناوی لالیگا لەلایەن یانەی بارسـێلۆناوە، دانی ئاڵڤێزی بەرگریکاری بەرازیلی یانەی کەتالۆنی لە گەورەترین دەرگاوە چـووە نـاو مێژوو، بەو پێیەی پێش پێلێی ئەفسـانەی تۆپی پێی بەرازیلی کەوت لە رووی بردنـەوەی زۆرترین نازناوی بەکۆمەڵ لەگەڵ هەڵبژاردەی بەرازیل و ئەو یانانەی یاری بۆ کردوون. پێلێ بەدرێژایی 20 ساڵ یاریکردن 30 نازناوی بردووەتەوە، بەڵام ژمارەی نازناوەکانی ئاڵڤیز گەیشتە 31 نازناو، کە سێیەم یاریزانە لە مێژوودا لە رووی بردنەوەی زۆرترین نازناوی بەکۆمەڵ، کە تاوەکو ئێستا کینی داگلیش و رایان گیگز بە 35 نازناوە پێشەنگی مێژوون».



رێبوار محەممەد

## بارسا، یۆڤی، بایرن و لیستەر چییان پێگوتین؟

بردنـەوەی نازنـاوی لالیـگا لەلایەن بارسـاوە پێمـان دەڵـێ، رێگـە مـەدە شەڕەکانی بەردەرگا خۆیان بە ماڵەکەتدا بکـەن، ئـەوان لـە وەرزی ئەمسـاڵدا دونیایـەک شـەڕ و کێشـە بەرۆکـی گرتـن، مێسـی، نەیمار، سـوارێز، ماسـکیرانۆ و ئەلڤێس و چەندانی دیکە، رووبەڕووی جۆرەها کێشە و تەنگژە و ئاسـتەنگ و دادگایی بوونەوە، بەڵام لە کۆتاییدا نازناوی لالیگایان بردەوە.

ئـەوە پێمـان دەڵێـت یانـە سـەرکەوتووەکان، شـەڕەکانی دەرەوە فرێدەدەنـە دەرەوە، لـە ماڵـەوە بیر لە سەرکەوتن و نازناو دەکەنەوە.

بردنـەوەی سـێریا ئـەی لەلایـەن یۆڤینتۆسـەوە پێمـان دەڵێـت، نابـێ بێئومێـد بیـت، هەرگیـز ئەمـرۆ ژیان کۆتایـی نایەت، دواکەوتن بە 11 خاڵ و زیاتریش نیشـانەی ئەوە نییە تۆ هیچت لەدەستداوە.

ئـەوە پێمان دەڵێت بڕوات بە توانا و متمانە و سەرکەوتنی خۆت هەبێت، تەنیا بیر لە خـۆت بکـەرەوە، پەنجەرەکانی ماڵەکـەت داخە، تا بە هێمنی بیر لەوە بکەیتەوە چۆن بگەیتەوە لوتکە، ئالێگری وایکرد، هەموو فشارەکانی دوورخستەوە، دواجار نازناوەکەی بردەوە.

بوونی لیسـتەر سـیتی بە پاڵەوانی پریمەرلیـگ، پێمـان دەڵێـت مـەرج نییە گـەورەکان، خاوەن مێـژووەکان و دەوڵەمەنـدەکان، پارەدار و زەنگینەکان بچنە سەر سـەکۆی نازناوەکان، دەکرێ تـۆش کـە کـوڕی هـەژاری، کـە لـە گەڕەکێکی لاچەپەک و دوورە دەستەوە، لە کۆڵانێکی تاریک و لەبیرکراوی شارەوە هاتوویت، ببیتە پاڵەوان.

لیستەر پێی گوتین، هەمووتان خەون ببینن، خەونی گەورە، ئومێد و گەیشتن بە داهاتوو، بە شـازادەی خەونەکانتان، کێ دەڵێ لەوانەیە تۆ لەمدیوی دەرگاوە بیت و شازادەش لەودیوەوە بە جوانترین شـێوە خـۆی رازاندبێتـەوە و چاوەڕێت بکات.

بوونی بایرن میونشـن بـە پاڵەوانی بۆندسلیگا پێی گوتین، تینویەتی کۆتایی نایەت، حەزی بردنەوە سـنووری نییە و ناکرێ لە شوێنێکدا راوەستی.

کاتێک هەموو گوتیان نازناوی خولی ئەڵمانی بۆ بایرن دەسـتکەوتێکی مەزن نییە، گواردیۆلا بەگوڕ و تینێکی زۆرەوە هـات و ئاهەنگـی گێـڕا و بەهەمووانـی وت تـۆ چەنـدە پاڵەوان بیـت و چەندە دەسـتکەوتت هەبێت، هێشـتا دەتوانی بـە نازناوێکـی دیکـە مێژوویەکی دیکە بنووسـیتەوە، بایرنی گواردیۆلا گوتی تا رکابەرییەکان مابن برسـیەتی بردنەوەی نازناوەکان کۆتاییان نایەت، هەمان شت بۆ بوونە پاڵەوانی سانجێرمانیش راستە.

هەندێکی دیکەش گەرچی نەشبوونە پاڵەوان، بەڵام وانەی خۆیان پێداین.

ریـال مەدریـدی گوتـی، هەمـووان هەڵە دەکەن، بەڵام دەکرێ زوو راسـتی بکەیتـەوە، هێنانی بینیتێـز هەڵە بوو، بەڵام زیدان راستیکردەوە.

ئاتلێتیکـۆش گوتی ئـەوە پارە نییە سـەروەری دروسـتدەکات، ئەوە جۆش و خـرۆش و ویسـتی بردنـەوە و رۆحی شۆڕشـگێڕانەیە، دەکـرێ پاڵەوانـە تەقلیدییەکان لە زەوی بدات.

بەهەمان شێوە لە مانچێستەر سیتی بیستمان کە پەلەپەلی دەوڵەمەندەکانی کەنداو، لەگەڵ ئارامیـی ئەورووپییەکاندا یەکنایەتـەوە، ئـەوە خاوەنـە سـەرمایەدارەکانی یانەکە بوون یەکێک لـە جوانترین وەرزەکانیان لە پیلیگرینی تێکـدا، ئـەوان زوو بـەو ئەندازیـارە سەرسـپییەیان وت تـۆ وەرزی داهاتوو لێرە نیت.

ئەوانـەی کـە ئەمسـاڵ شـتیان وت زۆربـوون، ئەوان شـتی جیاوازیان وت، جیاواز لەوەی هەموو ساڵێک دەیبیستین بەڵام گرنگترین وتن، وتنی ئەوانە بوو کە بەبێ نیگەرانی دۆڕانیان قبوڵکرد و وتیان هێشـتا سـبەی یارییەک مـاوە، دەکرێ براوەی ئەوکات ئێمە بین.

# دی خیا شەڕ دەخاتە ناو ماڵی مەدریدی



**رووداوی وەرزشی ـ CNBC**

چەنـد رۆژنامەیەکـی ئینگلیـزی ئاشـکرایان کـردووە، دێڤیـد دی خیـای گۆڵپارێزی مانچستەر یونایتد، کێشەیەکی لەنێو یانەی ریال مەدرید ناوەتەوەو دەڵێن فلۆرەنتینۆ پیرێزی سـەرۆکی ریال مەدرید هێشـتا هەوڵ بۆ ئەوە دەدات خزمەتەکانی دی خیا بەدەسـتبێنێت، بـەڵام زەینەدین زیدانی راهێنەر بەوە رازی نییە.

پێدەچێت ویسـتی پیرێـز لەگەڵ دیدی راهێنـەری تیپەکە زەینەدیـن زیدان یەک نەگرێتەوە، کە رازیبوونی تەواوی خۆی لە ئاستی گۆڵپارێزی ئێستای یانەکە کەیلۆر ناڤاس نیشانداوە. کەچی رۆژنامەی مارکا کە ئەویش ئەو راپۆرتەی بڵاوکردووەتەوە، باس لەوە دەکات هاندەرانی ریال مەدرید بە ئاسـتی ناڤاس دڵخۆشن و نایانەوێ بڕوات، یان لەسەر کورسی یەدەگەکان دانیشـێت و نووسـیویەتی «لەوانەیە دی خیـا ئاگـری فیتنە لەنێـو ماڵی شاهانە هەڵبکات و شەڕ بخاتە نێوان پیرێز و زیدان».

دی خیا، لە ئەیلوولی رابردوودا گرێبەستەکەی لەگەڵ مان یونایتد، بۆ ماوەی چوار سـاڵ تازە کردووەتەوە.

لـە کاتێکدا ریال مەدریـد زۆر نزیکبوو لەوەی لە 31ی ئابی رابردوودا گرێبەست لەگـەڵ دی خیا بکات، بـەڵام لە ناردانی پـەڕاوی پێویسـت بـۆ تەواوکردنـی گرێبەسـتەکە لە کاتـی دیاریکراو، پێش تەواوبوونی وەرزی گواسـتنەوەی هاوینە دواکەوت، بەمەش دەسـتەوارەکە سەری نەگـرت. هەرچەنـدە گۆڵـی مێرینگی لەسـەر دەسـتی ناڤاس و کیکۆ کاسیا بە باشی پارێـزراوە، کە چـی دەنگۆیـەکان لە بـارەی بایەخدانـی ریـال بـە گرێبەسـتکردن لەگـەڵ گۆڵپارێزێکـی دیکە ناوەسـتێت، بێجگە لـە دی خیا باس لـە تیبۆ کۆرتوای گۆڵپارێـزی چێڵسـیش دەکرێت، کە پێدەچێت نزیک بێت لەوەی پـێ بنێتـە سـەر سـانتیاگۆ برنابیۆی مەکۆی شاهانە.

پێشبڕکێ



به کورتترین و جوانترین لێدوانت لەسەر ئەم وێنەیە خەڵات وەربگرە

کورتە نامەیەک لەگەڵ ناوی خۆت بنێرە بۆ ژمارە تەلەفۆنی:

0750 833 3555



براوەی پێشبڕکێی ژمارەی پێشوو

بیلال میرزا لە هەڵەبجە

بە لێدوانی:

( رۆناڵدۆی گۆڵکارە، چاوەڕوانی بڕیارە )

## LOTTO 2 — چل و نۆ یەمین پێشبڕکێ

رووداو وەرزشی

ژمارە (400) سێشەممە 2016/5/17

شـەش کۆبۆنی یەک بـەدوای یەک، واتا هی شـەش ژمارەی لە دوای یەک بە ناو و ژمارەی تەلەفۆنی خۆت پڕ بکەرەوە و بیگەڕێنەرەوە بۆ ئەو شوێنەی (رووداوی وەرزشـی)ت لێکڕیـوە، بـەو جـۆرە لەتیروپشـکی بردنەوەی لۆتۆی رووداوی وەرزشی بەشداربە.

خەڵاتەکان

1 ـ ئامێری رۆیشتنی کارەبایی
2 ـ تەلەڤزیۆنی LCD
3 ـ کۆمپیوتەری لاپتۆپ
4 ـ کۆمپیوتەری دیسکتۆپ
5 ـ ئامێرەکی تەلەفونی مۆبایل

ناو : ..............................

مۆبایل : ..............................

(رووداوی وەرزشی) بخوێنەوەو خەڵات ببەرەوە




RÛDAW
(رووداوی وەرزشی) رۆژنامەیەکی هەفتانەیە کۆمپانیای رووداو بە سپۆنسەری کۆمپانیای کورەک تیلیکۆم، هەموو رۆژانی سێشەممە دەریدەکات
لە سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان بە ژمارەی متمانەی (160) تۆمارکراوە
www.rudaw.net
سەرنووسەر: ئیحسان تاهیر محەممەد
0750 454 71 68 – e-mail:ihsan@rudaw.net
ئەندامی شانازی ستاف: عەبدوڵڵا قرگەیی
بەڕێوەبەری هونەری: حوسێن هیممەتی
دیزاینەران: هونەر مەرجان ـ شاهۆ محەممەد

هەموو دووشەممەیەک بخوێنەوە
رووداو هەموومان گەنجتر دەکاتەوە